## ** ڕووتاندنەوەی جەماوەری باشووری کوردستان لە پێناوی چی دا**

(سەبارەت بە سەردانەکەی تاتلیساس بۆ کوردستان)

ڕێناس جاف

زمانی هونەر ،زمانێکی جیهانییە و ئەوەی قەدری هونەری لا گرینگ بێت،ڕێز بۆ هەموو هونەرمەند و بەرهەمێکی ڕاستینەی هونەری دادەنێت.
هونەر بۆ مرۆ هەڵگری ئەو پەیامە پیرۆزەیە، سوکنا و ئۆقرە بە ڕۆح و گیان دەبەخشێ. زایەڵەی ئاوازی هونەر،لە کوێی ئەم گەردوونە بێت،لای گشت مرۆییکی خودان هەست،لەبەردلانە و پێی خەنی دەبێت.
ڕاستە هونەر مۆرکێکی جیهانی پێوەیە و خۆ بە سنوورە دەستکردەکانی جوگرافیاییەوە نابەستێتەوە و لە کوێ،هەستی هونەری سەر هەڵبدات،هەمان شوێن دەڤەرێکە بۆ ئۆقرەگرتن ،لێ هەموو گەل و نەتەوە و میللەتێکی ئەم گۆی زەوییەش بە چەن تایبەتمەندییەکەوە، دەناسرێنەوە.
زمان،کولتوور و دیرۆک،سێ فاکتەر و هۆکاری سەرەکین ناسنامە و شوناسی گەلانی سەرزەوی پێک دێنن.
هەر لە بەشی کولتووری گەلاندا دیارە چەندین دیاردە و توخمی باڵ کێشی وەک فۆلکلۆر،وێژە و ئەدەب و مۆسیقا و هونەر،خۆ قوت دەکەنەوە.
هەستی مرۆڤی وریا و وشیاری ئەمڕۆ، بە هاسانی دەکارێ سنووری نێوان کولتوور و زمان و هونەری گەلانی سەرزەوی، لێک جیا بکاتەوە،ڕێزنان لە مێژوو،زمان و فەرهەنگ و کولتووری گەلان،پلەی شارستانیەت و وشیاری هەموو گەلێک دەردەخات. بەڵام ئەو هونەر و هونەرمەندەی، بازەرگانی و سیاسەت بە هونەرەکەیەوە بکات و لە دووی ڕووتاندنەوە و نیازی پۆخڵی سیاسییەوە بێت، پڕ ڕوونە حسێبی هونەر و هونەرمەندی ڕاستینەی بۆ ناکرێ و دەسکەوت و بەرهەمەکەی، هەر بە تەنێ بۆ گەلێ ئامانجی تایبەتە و بەس و بە هیچ لەونێ ناچێتە خانەی هونەری ڕاستەقینەوە.
خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان و چرین بۆ ئازادی و سەربەستی نەتەوەی خۆ،ئامانجێکی زۆر پیرۆز لای هەموو هونەرمەندێکی خاوەن هەڵوێستە. بەڵام دەکارگرتنی هونەری خۆ، بۆ لەخشتەبردن و مەبەستی گڵاوی سیاسی،گەورەترین تاوانە و خەیانەتێکی ئاشکراشە دەرحەق بە زوانی هونەر.
کورد میللەتێکە بە فام و ئاوەزی باڵا و بانی خۆ، سەلماندوویە چەندە ڕێز لە ژیار و شارستانیەتەکانی سەرزەوی دەگرێ. بەڵام لەو لاوە بەوەش ئاگایە گەر هونەرمەندێک ویستی لە ڕێی هونەرەکەیەوە سەری میللەتەکەی بە فەتەرات بدات و بکەوێتە ڕامالین و وەبەر پەلامارداني کولتوورەکەی، چلۆن ڕەفتی لەگەڵدا بکات.
مەبەستی ئەم چەن دێرە نووسینە، ڕووی لە سەردانەکەی هونەرمەندی ناسراوی تورک "ئیبراهیم تاتلیساس"، بۆ باشووری کوردستانە.

بڕوام نییە هیچ تاکێکی کورد دژ بەوە بێت،هونەرمەندانی گەلانی دی،سەری کوردستانەکەی بدەن،بگرە هونەرمەندانی خودی کوردیش، بەدڵ پێشوازی لەو هونەرمەندانە دەکەن.چونکە بێگومان ئەو هونەرمەندەی بایەخ بۆ ڕەسەنایێتی کارەکەی دانێ و هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانی و بەرزی هونەری بێت ،زۆر بەری ڕەنگاڵەییش بە گۆشەی هونەرەکەی ئێمەی کورد دەبەخشێ و هەنگاوێکی دی لە هونەری جیهانییەوە نزیکترمان دەکاتەوە.
بەم ڕۆژانە کەناڵەکانی سەتەلایتی کوردی،پێش گەیشتنی تاتلێساس بە کوردستان،بە دەقە وسات، هەواڵ و خەوەریان لە سەر سەردانەکەی ئیبۆ، بڵاو دەکردەوە و جەماوەریان ئاگادار دەکردەوە. کەچی ئیبۆ،هەرکە گەیشت حەقی تەواوی دانێ و لە یەکەم ئاخاوتنی خۆ لە خاکی پیرۆزی کوردستاندا شانازی بە تورک زادەیی خۆی، لای جەماوەر خۆیا کرد و سلاوی ئەو کۆمارە شۆڤینییەی بۆ گەلی باشووری کوردستان پێ بوو کە هەر بەو ڕۆژانە چلۆن لە بازێڕی شەمزینان ،پەلاماری کولتوور و فەرهەنگی کوردی باکووری کوردستان دەدات!! ئیبۆ هێشتا زاری بە قسان نەکرابووەوە کە خۆزی بەوەوە دەخواست پێشتر توانیبای سەری بەغا بدا و لەوێ ئاهەنگی گێڕابا ،بەڵام ڕەوشی ناهێور و ئالۆزی ئەوێندەرێ،وای لێکرد باشووری کوردستان بکاتە شوێنێ بۆ قریواندنی خۆ.
من نازانم کامە کۆمپانیا و بەشگە لە پشتەوەی ئیبۆن و کاربەدەستانی باشووری کوردستان بە کامە نیاز و ئامانج لە دۆخێکی هەستیاری وەک نهادا، ڕێ بۆ تاتلێساس تەخت دەکەن، بێت و پلانەکەی خۆ یان هەمان پیلانی دزێوی کەماڵیستییەکان لە کوردستانا ،جێ وەجێ بکات!
باشە لە هەل و مەرجێکدا ئەمڕۆکە بۆ بنیاتنانەوەی کوردستان، پێویستیمان بە سەرمایە وسامانی گەل هەیە،بۆچ دەبێ بەدەس خۆ، ماڵی خۆ وێران بکەین و شتێ نێزیکەی 20 ملوێن دۆلار لەم کوردستانە دەرچێ و بکەوێتە گیرفانی ئەوانەی چاویان بەرایی هیچ دەسکەوتێکی ئەم گەلە نادات؟!
ئەم هەڵە و خەتا و تاوانە ڕووی لە کێیە؟! ئەی لەبەر چی دەستەڵاتی باشووری کوردستان وا هەلێک بۆ هونەرمەندانی ڕاستینەی گەلەکەی خۆ نارەخسێنێ؟! هەتاکەی ئێمەی کورد دەبێ بێگانە سواری کۆڵی خۆ بکەین؟! بۆچی سەتی یەکی ئەوەی دەرحەق بە نامۆ و بێگانەکانی دەکەین،لە حاند خۆمانی ناکەین؟! ئەو هونەرمەندەی لەبەر ئاشنایێتی دەگەڵ مۆسیقای کوردی، ساڵگارێکە لەبەری مۆسیقای ئەم گەلە دەخواتەوە و بگرە دەیکاتە ملکی میللەتێکی دی،هۆ چییە ئەوەندە دەزگەی دەستەڵاتی کوردی، ڕێزی لێ دەنێ ،کەچی هونەرمەندی گەلەکەی خۆی کە عومرێکە ڕاژەی مۆسیقاکەی دەکات،نیو ئەوەندە ڕێزی لێ ناگیردرێ؟! ئایا سووک سەیرکردنی هونەرمەندی گەلی خۆ و بەرزکردنەوەی هونەرمەندانی بێگانە، ئەویش هەر لە بەرژەوەندی دەستەڵاتی کوردیدایە؟!
لە بارودۆخێکدا هەزاران لاوی کورد ڕۆژانە بەتاڵ و وەتاڵ بە شەقام وکۆڵاناندا دەسووڕێنەوە و هیچ هەلێکی کار و چالاکییان لەبەردەم نییە،ئەی چۆنە لە سامانی ئەم گەلە دەبێ ئەوەندە خەرجی هونەرمەندێک بکرێ، بۆ دەرمان قازانج بە هیچ بەستێنێکی

کوردی ناگەیێنێ و هەر بەتەنیا پارە بۆ ئەو حکومەتەی خڕ دەکاتەوە لەمێژ ساڵە ،کوردی لا تورکی شاخستانییە و مافی ئاسایی مرۆڤێکی پێ ڕەوا نابینێ؟!
دیسانەوە من سەری ڕێزم بۆ هەموو هونەرمەندێکی مرۆڤ دۆس دادەنەوێنم و بە هیچ جۆرە نامەوێ دەمارگرانە دەگەڵ دونیای هونەر، مامەڵە بکەم. من ئەرخەیانم گەر هونەرمەندانی ئێرانی وەک "ئومید"، "شەکیلا"، "داریوش" و "موعین" یش، سەری کوردستان بدەن ،سەت ئەوەندی ئیبۆ پێشوازییان لێدەکرێ،چونکە زۆرێ لەو هونەرمەندانە سەرباری ڕێزنان لە میللەتی خۆ،گەلی کوردیشیان لا خۆشەویستە و بە کردەش ئەوەیان سەلماندووە.
بۆیە دەڵێم وەختی ئەوە دەزگەی دەستەڵاتی کوردی، هەندێ بە سیاسەتی خۆدا بچێتەوە و بۆ هەموو بەرنامەێیکی ،پلانێکی تایبەت داڕێژێ و هەروا گۆترە چاو لە هەموو شتێ نەکات و لە ڕووی کاڵفامییەوە دەسکەوتەکانی ئەم گەلە بە توونی ئاوردا نەکات. دەبا دەزگەی دەستەڵاتی کوردی،بەشی مۆسیقایی حکومەتەکەی بەوانەی بسپێرێ ڕۆژگارێکە وەک پێشمەرگەێیکی کۆڵنەدەر بۆ هونەری گەلەکەیان خەبات دەکەن و نایەڵن مۆسیقای کوردی ڕوو لە فەوتان بکات. ئەمە وەبزانم کەمترین حەقێکە دەزگەی دەستەڵاتی کوردی دەبێ بیخاتە بەردەس هونەرمەندانی ڕاستینەی گەلەکەی.

تاران، 30 گەلاڕێزانی 2705 کوردی